# سەبارەت بە ژیانی ژنانی کورد لە مەنفاو ئازارەکانیان ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ خاتوو (ئامینە کاکە باوە) سازدا.. بەو ئامانجەی رۆشناییەك بخەینە سەر شێوازی ژیانو پەیوەندییەکانی تاکی کورد لە مەنفا...

سازدانی : سەروەر کەریم

**پ/ ژنانی کورد لە سوید چۆن دەبینیت؟**

و/ مەسەلەی ژنی کورد لە ئەوروپادا یان لە خودی سویددا بە بڕوای من جیاوازی نییە ئەگەر لە سوید بێت یان لە وڵاتانی تری ئەوروپا بێت، ئەگەر تۆ لە کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستان یان کۆمەڵگایەکی وەکو ئێرانو عێراقو سوریا تیایدا راهاتیتو پەروەردە بوویت، لە کۆمەڵگایەکدا کە هەمیشە شەڕی تێدا بووە پیاو مەزنی زیاتر تێیدا هەبووە، لە کۆمەڵگایەکدا کە دیموکراسی نییە، کە ئازادی نییە، کە ژن بە نیوە مرۆڤ دادەنرێت هەر لە لەدایکبوونی ژنەوە تا ئەو رۆژەی کە دەمرێت هەر بە نیوە مرۆڤ دادەنرێت، ژن لەو کۆمەڵگایانەدا هەقی پەروەردەکردنی مناڵە لەدوای جیابونەوەی، حەقی تەڵاقدانەو بە قسەی ناکرێتو لەژێر دەسەڵاتی پیاودایە. دیارە ئەو ژنانە کە دێن بۆ وڵاتێکی دیموکراسی وەکو سوید، زۆرینەی خەڵکانی کورد لەداخی شتێك هەڵهاتووە، یان لەبەر شەڕو کوشتار بووە کە هەمیشە وەزعی سیاسی کورد لە شەڕدا بوون، یان حەقی خوێندنی نەبووە حەقی ئازادی نەبووە بۆیە ئەو تایبەتمەندییانەی ژنی کوردو خەڵکی کورد دەبێ زیاتر تیشکی بخەینە سەر تا بڵێین خەڵکی تورکو فارسو عەرەب، چونکە ئیمە بۆخۆمان نەمانتوانییوە تەنانەت بە زمانەکەی خۆمان بخوێنین بەتایبەت لە کوردستانی ئێرانو تورکیاو سوریا. ئەمانە وای کردووە کە ژنی کورد، ئەگەرچی هاوشانی پیاوان خەباتی کردووە بۆ ئازادیو دیموکراسیو بوێرانە هاتووەتە مەییدانەوە، بەڵام بە بڕوای من ئەگەرچی چالاکانە هاتووەتە مەیدانەوە، بەڵام مەیدانێك نەبووە کە قودرەت بەدەست بهێنێت، مەیدانێك بووە کە ترسێك هەبووەو دەسەڵاتێکی پیاوانە هەبووە، لە هەموو چەپەکان تا راستەکانی کورد وابووە، کە ژن دەسەڵاتی نەبووە لەو حیزبانەشدا کە کاری بۆ کردووەو خەباتی بۆ کردووە کەچی بەو باکگراوندەوە کۆچی کردووە بۆ وڵاتێکی تر.

**پ/ ئەو هۆکارانە چییە کەوا زۆرێك لەو ژنو مێردانەی کە دەگەنە ئەوێ دوای ماوەیەکی کورت لێك جیادەبنەوە؟**

و/ وەك لە پێشەوە باسم کرد لەبەر ئەوەی ژنی ئێرە، یان ئەو وڵاتانەی کە ئازادیو دیموکراسییان تێدا نییە کاتێك ژن لەو شوێنانەوە کۆچ دەکات بۆ وڵاتانی ئەوروپا، چونکە لێپرسراویەتییەکی زۆری لەسەرە لە پەروەردەکردنی منداڵو بنەماڵەو کاروباری ناو ماڵو..هتد بۆیە ئەمەش زیاتر وا لە پیاو دەکات کە گۆشەگیر بنو لەبەر ئەوەی کە غرورێکی تایبەتی هەیە نایەوێت بە هەر کارێك رازی بێت کە ژنەکان ئەیکەن، هۆیەکی تر ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئەوروپی کۆمەڵگایەکە، کە تا رادەیەکی زۆر ئەو فشارانەی لەسەر بنەماڵەو ژن لابردووە، لێرە ئەو ئاسایشەی کە هەیە بۆ منداڵانو کچانو نەخۆشەکانو پیرەکان ئەمانە ئەرکی سەر شانی ژنە، لەم وڵاتە نادیموکراسیانەدا بنەماڵە بنەمای دابینکردنی ژیانی مرۆڤو تاکەکانی کۆمەڵە، بەڵام لە ئەوروپا تاکەکان کۆمەك لە دەوڵەت وەردەگرن، لە لایەنی ئابوریشەوە ئەگەر لێرە ژنان باوك یان برا بودجەی بۆ دابین نەکات نییەتی، بەڵام لە ئەوروپا مەسەلەی سۆشیال هەیە کە تا رادەیەك ژیانت دڵنیا دەکات. دیارە ناتوانی لەسەر ئەو پارەیەی کە هەیە پێوانەی خۆت لەگەڵ سویدییەك بکەیت، بەڵام ئەگەر تۆ پێوانە خۆت بکەیت لەو وڵاتەی کە لێوەی هاتوویت کە بە نیوە مرۆڤ دانراویت هەمیشە دەستت پان کردووەتەوە کە کارت نەبووە باوكو برات بەخێوی کردویت، یان ماڵە خەزورانت بووە، بەڵام لەوێ دەوڵەت پشتت دەگرێت، لەوێ ژن

سەربەستە خۆی سەرپشکە لە باری ئابورییەوە، ئەمەش دیارە بۆ هەموو نییە، بەڵام تا رادەیەکی زۆر بۆ پەنابەران بەتایبەت بۆ ژنان جا کوردە یا فارسە یا...هتد.

لە ئەوروپا بەتایبەت سوید ئەگەر سەیری پەنابەرەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات بکەین بەتایبەت کوردو عەرەبو تورک ناتوانن کچەکانیان و کوڕەکانیان بە ئاسانی هاوڕێیەتی لەگەڵ درەوەوەی بنەماڵەکەی خۆیان بکەن، کورد لەگەڵ عەرەبێک، عەرەب لەگەڵ مەسیحییەک، یان جولەکەیەک، وە هەروەها، بەتایبەت کوردەکانی باکور کە لەوێ هەر دەبێت لە خزمو خێڵەکەی خۆی بێت هاوڕێیەتی بکات ئەگەر وانەبێ رێ بەو کچە نادرێت، من بۆخۆم ئامارێکم کرد لەنێوان 200 گەنجدا، کە ئایا ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوڕێدا یان ئەوەی خۆشی دەوێت هەڵیبژێرێت لە کچو لە کوڕ، زۆرینەیان دەیانووت نەخێر ئێمە سەربەست نینو ناتوانین بە ئارەزووی خۆمان یەکێکی تر هەڵبژێرین بۆ هاوڕێیەتیو هاوسەرێتی کە بە رێژەی 90٪ی ئەمە قسەیان بوو، تەنانەت دەیانووت: ناتوانین بە ئارەزووی خۆشمان پۆشاک بپۆشین... لەبەر ئەوە لەوێش بە هەمانشێوەی ئێرە هەر بە دزییەوە پەیوەندییەکان دەکرێت. تەنانەت ئەو کەسانەی لێرەوە، یان لە تورکیاو وڵاتە عەرەبییەکانەوە کۆچ دەکەن بۆ ئەوروپا خێڵایەتی خۆی لەوێش دەسەپێنێتو دەچێتە ئەو شوێنانە کە زۆرینەی خەڵکی ناوچەکەی خۆیەتیو نزیکە لە بیرو باوەڕی خۆیەوە لە رووی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتییەوە، کە ئەمەش هۆیەکە بۆ بیرکردنەوە لە رابردووی خۆتو پاشان گەڕانەوەت بۆ وڵاتی خۆی، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کۆمەڵو کەسانە لەبری ئەوەی تێکەڵ بەو کۆمەڵە رۆشنبیرو پێشکەوتووانە ببن کەچی خۆی لێ دوورەپەرێز دەگرێت، ئەگەر لێرەو لەوێ یان ئەو کەسو کۆمەڵانەی لەم ناوچانەوە چوونەتە ئەوروپاو پێیان وابێ کە کچی ئەوێ جگەرەو مشروبات دەخواتو سێکسی ئازاد دەکات، کە لە راستیدا وانییەو دوورە لە راستییەوە، ئەم بۆچوونو کردارانەش دەبێتە هۆی دروستبوونی چاولێکەری لەناو ئەو بنەماڵەو خێزانانەدا کە ئەو چی دەکات ئێمەش وەها دەکەین، وە ئەو بنەماڵانەش کە منداڵەکانیان گەورەبوون ئیتر کوڕەکان کۆنترۆڵی کچەکان دەکەنو بەهەمان شێوە ژیانی باوانیان دووبارە دەکەنەوە لە ژیانی نوێی خۆیاندا، ئەمەش لە زۆرینەی بنەماڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.



**پ/ یەکێک لەو پرسیارانەی زۆر گرنگە مەسەلەی کوشتنی ژنە بەناوی ناموس پەرستییەوە، کە ئەمەش عەقڵی خێڵ بەرهەمی هێناوە.. پێت وانییە ئەوەی لە وڵاتانی ئەوروپا روودەدات دووبارەکردنەوەی هەموو کەلتوورو عەقڵیەتی خێڵە لەوێ کە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە؟**

و/ ناتوانم بڵێم کە بە گشتی ئەقڵی کورد وەهایە، خەڵک هەیە چەپە یان رادیکاڵە یان رۆشنبیرییەکی زۆر باشی هەیە کە ئەمانە دیاریکراون لە خەڵکدا، ئەمەش لەچاو زۆرینەی خەڵکدا وایە. مەسەلەی جیابوونەوە بەپێی ریفۆرمێک کە کردوویەتی لەسەر کۆچی بنەماڵەکان، ئێرانی بەتایبەت لەگەڵ شیلیایی لەو خەڵکانەن کە زۆرتر جیابوونەوەیان تێدایە، پاشان شیلیایی لەوانەی کە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا. مەسەلەی کوشتنی ناموسیش.. دیارە کوشتنی ناموسیش هەر ئەوە نییە کە گوللەکە لەسەرت خاڵی بکەنەوە، دیارە (فاتمە) بە دەستی باوکی کوژرا، وە ئەو کچەی کە هاتەوە بۆ هەولێرو باوکو مامەکانی کوشتیان وە (هێشوو) لە لەندەن کە بووە قوربانی وە (سارا) ساڵی 1994 ئەویش هەروەها بوو بە قوربانی، وە دەیان کچو ژنی تریش دەبنە قوربانی، بەڵام ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی مەسەلەی کورد لە ئەوروپادا ئێستا زەق بووەتەوە، ئێستا ئەوانیش لەبەر ئەوەی کە ئەو وڵاتانە خۆیان دەترسن لەو مەسەلەیە بۆیە هۆی کوشتنەکە بڵاو ناکاتەوەو بە خودکوژی ناوزەدی دەکات، ئەم خود کوژیەش هەیە، پار کچێکی ئەفغانی کە هاوسێی من بوو تەمەنی 16 ساڵ دەبوو خۆی لە باڵەخانەکەوە فڕێ دایە خوارەوەو خۆی کوشت، ئەمەشێتی نییە، کوڕێکی 14 ساڵە خۆی هەڵدەواسێ لە خۆشیدا نییە لە بنەماڵەیەکی باشدا، دیارە ئەمە فشارێکە. مەسەلەی ناموسو شەرەف لەو رۆژەوەی کە (ئامینە) دێتە دنیاوە وەکو کچێک وای دادەنێن کە زەعیفەیەو پێکەنین بۆی عەیبە، تەماشاکردنی چاوی پیاوێک عەیبە، دەنگی بەرزکاتەوە عەیبە، پێبکەنیو قاقا بکێشیو مناقەشە بکەی لەگەڵ کوڕێکو سەردانە پۆشی عەیبە..هتد، تۆ لە وڵاتێک پەروەردە دەکرێیتو گەورە دەکرێیت کە خۆشەویستیو هاوڕێیەتی تێیدا نەک هەر عەیبە بەڵکو قەدەغەیە. کاتێک کچەکە دەچێت بۆ خوێندنگە دەبێت برایەکی لەگەڵ بێت، دێیتەوە دەبێت برایەکت یان باوکت بێت بە شوێندا، لێرەدا کچەکە دەکەوێتە تەنگەژەیەکەوە، خاڵێکی رەشەوە، ئەمەش لە وڵاتێکدا کە هیچ بەهایەکی ئازادیو دیموکراسی تێدا نییە. من پێم وایە کوشتنی ناموسی لەنێو هەموو دینەکاندا هەیە بەتایبەت دینە گەورەکان وەک ئیسلامو مەسیحو یەهودی، زۆر لەو بنەماڵانەی کە دەیانناسم دەڵێن ئەم کێشانەی لێرە هەیە لە وڵاتی خۆمان نەمان بوو، چونکە دەترسێ لەوەی کچەکەی کە دەچێ بۆ خوێندنگە، یان هەر جێیەکی تر هاوڕێیەتی کچێکی ئەو وڵاتە بکاتو وەک کچی ئەوێی لێ بێت!، کە ئەمەش کاردانەوەی لەسەر منداڵەکان دەبێتو بە هەڵە لەو کۆمەڵگایە دەگەن. ئەم بەستنەوەیەی منداڵەکانیش لەو بنەماڵانە وایکردووە کە کچو کوڕیان توشی لەش فرۆشی بوون، لەش فرۆشی هەر ئەوە نییە تۆ بچی لە ئوتێلێک رابوێری بەڵکو تۆ ئاگات لە گیانی خۆت نەبوو وە نەتزانی چۆن سوودی لێ ببینی جۆرێکە لە لەش فرۆشی. ئەو بنەماڵانە هێندە سانسۆریان بۆ منداڵەکانیان داناوە کاتێک بە دزییەوە هاوڕێیەتییەک یان خۆشەویستییەک دەکاتو لە ئاکامیدا بێپەردە دەبێت لە کاتی شوکردنیدا دەچن پەردەی کچێنیان ئەدوورنەوە، ئەمەش شتێکی زۆر باوە لە ئەوروپادا بەبێ ئەوەی بنەماڵەی ئەو کچەش بزانێ کە ئەو کارەی کردووە، کوڕەکانیش لەگەڵ کچە ئەوروپییەکان هاوڕێیەتی دەکەنو سێکس دەکەن کاتێکیش کە ویستیان ژن بهێنن دێن کچێک لە کوردستانەوە دەهێنن کە رۆشنبیرەو زۆرجوانترە لە خۆیان، دێنن لێرە لە گۆشەی ماڵدا منداڵی پێ بەخێودەکەنو لە کۆمەڵگا دووری دەخەنەوەو خۆشی خەریکی کەیفو سەفای خۆیەتی، لە ئاییندەشدا کە ئەم کچە چاوو دەمی کردەوە دەزانێو بەخۆی دەڵی ئەوەی ئەو کوڕە پێی وتووە هیچی راست نەبووە، چونکە ئەو لە وڵاتێکدا بووە کە هیچ بەهایەک بۆ ژن دانەنراوە کەچی لێرە خراپترەو

کۆنترۆڵ زیاترە، ناتوانم بەدڵی خۆم کاربکەمو بخوێنم..هتد، بە رای من ئەمە ئەنجامی مەزهەبەکانو پیاو مەزنییە لـەو مەزهەبانەدا، بەداخەوە زۆربەی دایکەکانیش وەکو پیاوەکان بیردەکەنەوە، واتە ئەو سانسۆرە لەسەر منداڵ تەنها پیـاو نایکات بەڵکو دایکەکەش بەشدارە تێیدا. وە تەنها کچان رووبەڕووی کوشتن لەسەر ناموسو شەرەف نەبوونەتەوە بەڵکو کوڕانیش هەروەها،ساڵی پار کوڕێکی ئەفغانی بەدەستی بنەماڵەکەی کوژرا چونکە ئاشقی کچێک ببوو ئەگـەر چـی هـەر ئەفغانی بوو بەڵام پێیان قبلوڵ نەبوو وە بە چەقۆ لەتو پەتیان کرد. واتە کوەڕەکانیش قوربانی ئەو دیاردە ناشرینەیە.




پ/ ئەوەندەی من ئاگاداری ژیانی ژنانی کوردم لە ئەوروپا بەشێکی زۆر لەو ژنانە لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرێتی پەنا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تردا دەبەن بەبێ ئەوەی هاوسەرەکایان بەم کارە بزانن، لە کاتێکدا ئەو ژنانـە دەتوانن بەر لەوەی ئەو کارە بکەن لە هاوسەرەکانیان جیا ببنەوە، چونکە لە ئەوروپا ئـەو کـارە زۆر سـانایەو مـافی بـێ ئەملاو ئەولای هەموو تاکێکە؟ ئایا ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆئەوەی کەلتوری ئێمە ژنان تەنها بە کۆیلـەی ئارەزووەکـانی پیـاو دەزانێ و لەوێش ژن تەنها وەسیلەی خۆشگوزەرانی پاوە نەک ئینسان . بۆیە ئەو کارە ڕوو دەدات ، کەمافی ژنە لەگەڵ کەسێک دا نەژی ، کەخۆشی ناوێت ناتوانێت ، لەگەڵ کەسێک دا بژی کەوەک ئینسان سەیری ناکات و لەبـەر بنـەمای خێڵ و خزم ئەوپیاوە لێ جیا نابێتەوەو لەدەرەوەی خێزان نەک یەک پەیوەندی دەیـانی دروسـت کـردووە ، ژنەکەشـی کردوە بەدیل...؟

و/ تۆ دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە کە ئایا دوو کەس بە خواستو ئارەزووی خۆیان یەکتریان هەڵبژاردووە، ئایـا ئـەو دوو کەسە ئەو بوارەیان هەیە پێکەوە بنو لەیەک تێبگەن، واتە تۆ دوو کەس بێنی کە پەیوەندی دوو کەس چۆن پێکـدێتو چۆن تەواو دەبێت، پێکەوە بوونەکانی ئێمە هەمووی بە عەیبەو ئیرادەیە، عەیبە کە تۆ بڕۆیـت بـە دڵـی خـۆت لەگـەڵ کوڕێک بگەڕێیت، قسەی لەگەڵ بکەیت، لەویَ بەو شێوەیە نییە.. خەڵکی سویدی هێندە رۆشنبیرن کە کاتێک دوو کەس پێکدێن لە داهاتوودا قسەیان لەسەر ئەوە نەبێت تەنانەت کە ئەو شوێنەی تۆ لێی دەخەوی حەز دەکەی سارد بێت یان فێنک یان گەرم بێت، بڕوانە هەر لێرەوە پێکهاتەکەیان لەسەر ئەساسی بیرو بۆچوونە، لەسەر ئەساسی ئەوەیـە چـەند منداڵت ئەویَ، گەشتت پێخۆشە، حەزت بە گیانداری ناو ماڵە وەکو سەگو پشیلە...هتـد، بۆیـە ئەگـەر تـۆ کاتێـک

هاورێیەتی دەکەیت بەبێ ئەوەی سانسۆرت لەسەر بێت تاکو بیناسیت، ئەگەیت بەوەی کە ئایا ئەو کەسە ئەوەیە کە تۆ لەگەڵی بژیت‌و ژیانی لەگەڵ بەسەر بەریت وە تێدەگەیت کە ئەمە ئەساسەکەی خۆشەویستییە وە دووریشە لە فەرهەنگی خێڵەکرایی‌و پیاو مەزنی، وە کاتێکیش عەشق تەواو بوو تۆ بتوانی بە بێ پەردەو بە ئاشکرا بڵێی کە من ناتوانم عەشق لەگەڵ تۆ بکەم‌و ژیان لەگەڵ تۆ بەسەر بەرم، وە ژیانی من لەگەڵ تۆ لێرەدا تەواو دەبێت بەر لەوەی کە من پەیوەندییەکی تر دروست بکەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە کوڕو کچەکان بە نهێنی ئەو پەیوندییە هاورێیەتی‌و خۆشەویستییە دەکەن تەنانەت زۆرینەی ژن‌و مێردەکانیش پەیوەندی دیکە دروستدەکەن، پیاوی وا هەیە رێگە نە بەکوڕی نە بە کچی نە بە ژنی نادات کە هیچ نەبێت بچێت بۆ دیسکۆ، کۆنترۆڵیان دەکات، کەچی خۆی دێتە دەرەوەو دەخواتەوەو دەچێت بۆ دیسکۆ، لێرەدا من تەنها قسەم لەسەر کورد نییە بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی باسی دەکەم، ئەی لێرەدا ژن چی چاوەڕوان بکات لە مێردەکەی کە ئەو هەڵسوکەتانەی هەیە یان بە پێچەوانەوە. بۆیە من لەو باوەڕەدام ئەگەر حاڵەتێکی وەها هەبێت ئەساسی پێکەوە بوونەکەیان بێ خۆشەویستی‌و راست نەکردنە لەگەڵ هۆکانی پێکهێنانیان پێکەوە.

لەوێ کوڕێک دێتەوە بۆ ئێرەو دەڵێ من لەوێ دکتۆرم یان ئەندازیارم‌و ماڵەکەم وایەو کارم باشەو خۆش ئەژیم تا کچێکی پێ هەڵخەڵەتێنێ‌و بیهێنێ، بەڵام کاتێک کچە شووی پێدەکات‌و دەچێ بۆلای لەوێ سەیر دەکات تەنانەت پەنجەرەکەشی بێپەردەیەو تەلەفونیشی نییە! لێرەدا کچە بۆی ئاشکرا دەبێت کە ئەم کوڕە لەوێ درۆی لەگەڵ کردووەو ئەو شتانەی لەوێ باسی دەکرد هیچ راستییەکی نییە لێرە. وە کوڕەش ئەو هەقە بە رەوای خۆی دەزانێ کە کچێک ئەگەر لەگەڵی بێت ئەوا کۆنترۆڵی دەکات‌و لەماڵ دایدەنێ‌و لەگەڵ ئەوەشدا چاودێری دەکاتە سەری تا بزانێ بۆ کوێ دەچێ‌و لەگەڵ کێ پەیوەندی دەبەستێت. لێرەدا کچەکە توشی گومان‌و پەشێوی دەبێ، سەیر دەکات لە خوێندنگە شتێکی پێدەڵێن‌و لەماڵەوەش شتێکی ترە کە ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی کچەکە لەگەڵ کوڕەکە دانانیشێ. بەتایبەتی کچانی کورد ئەو درۆیانەو ئەو کارە ناهەموارانەی کە بەرامبەریان دەکرێت قبوڵ ناکەن وەک لە عەرەبەکان‌و تورکەکان‌و فارسەکان‌و ..هتد، زۆرجار دەڵێن بۆچی کچی کورد بە زۆری لە ئەوروپا دەکوژرێ؟ من دەڵێم لەبەر ئەوەی کچی کورد جەسارەت‌و بلیمەتە بۆیە ئەو ناحەقیانەی پێ قبلوڵ ناکرێت کاتێک پیاو لەگەڵی دەکات بۆیە حەز دەکات خۆشی بکاتە قوربانی لەبەر ئەوەی کەسی تر رزگار بکات لەو وەهم‌و کۆت‌و بەندانە.

پ/ تۆ دەڵێیت ژنی کورد جەسارەتی هەیە، باشە بۆچی ئەو ژنە دیارانەی ئەوروپا کارێک ناکەن بۆ بەرگرتن بەو کارەی کە پیاوان دوای پەیوەندییەکی زۆر لەوێ، پاشان دێنەوە بۆ کوردستان ژن دەهێنن، دوای ماوەیەکیش جیا دەبنەوە، کەواتە رۆڵی ئەو ژنە دیارانەی ئەوێ چییە لە بەرگرتن بەو دیاردەیە؟

و/ بە رای من زۆر کار کراوە، یاسای کوردی کە هەیە یاسایەکە کە بەعس دایناوە، ئێمە لە سوید کاتێک رادیۆمان کردەوە لەو کاتەدا بوو کە کوشتن بەناوی ناموس‌و شەرەفەوە دەستی پێکرد، بەتایبەت مەسەلەی پێلا کە بە دەستی باوک‌و مامەکانی لە ساڵی 2003دا کوژرا، مەبەستیشمان ئاگادارکردنەوەی ژنان بوو بە مافەکانی خۆیان وە دەوڵەتی سویدیشمان ئاگادار کردەوە، کە ئێمە رێکخراوی ژنیانین لە سوید بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان کە من بۆ خۆم یەکێکم لە دامەزرێنەرانی ئەو رادیۆیە، کە هەموو یەک شەممەیەک کاتژمێر 4-6 پەخشەکەمان هەیە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە ستۆکهۆڵم. وە فشارێکی زۆرمان هێنا بۆسەر پەرلەمان‌و دەوڵەتی سوید کە زەخت بکەنە سەر حکومەتی کوردستان، چونکە ئەو یاسای ئەحوالی شەخسی جێبەجێدەکات، کە هی پەنجا ساڵ لەمەو بەری رژێمی بەعسەو هیچ

گۆڕانێکی تێدا ناکات. که ئەمەش وایکرد ئێستا هەر کوشتنێکی ناموسی وەک کوشتنێکی ئاسایی سزای هەیە ئەمەش یەکێک بوو لەو فشارانەی که کرایە سەر حکومەتی کوردستان.

من ئەو دادگایەش ڕەتدەکەمەوە که دەڵێ شاهیدی دوو ژن بەرامبەر به یەک پیاو، من نازانم خەڵکی چۆن بەم یاسایە ڕازییە!. تەنانەت عەشیرەتەکان دەسەڵاتیان زۆر له یاسا زیاترە لەم وڵاتەدا!. بۆیە ئەو ڕادیۆیەی که ئێمە دامانناوە قەترەیەک له دەریایەک بۆ گەیاندنی مافەکانی ژنان، بۆیە لێرە دەبێ خەڵک خۆی هەستێ دەنگ بدات بۆ مافەکانی خۆی، نەک وەکو ئەو ڕێکخراوە ژنانەی که هەیە له پێئیشی خۆیان ڕێکخراوێکیان داناوەو پارە وەردەگرن، که دەبوایە ئەو ڕێکرخراوانە فشار بخەنە سەر دەوڵەتی کوردی بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنان.

ئێمەیەک لەو دوورەوە ئەگەر ساڵی جارێک بێینەوە، یان فشارێک دروست بکەین لەسەر دەوڵەتێکی دیاریکراو، گوێ نادەن به ئێمە، من له باوەڕەدام که بۆ خۆم ژنێکی ئەنتەر ناسیۆنالیستم مەسەلەی مافی ژن بۆ ئەفریقاو فەلەستین‌و هەموو لایەک هەوڵی بۆ دەدەم، ژنی چەوساوە له هەر جێگەیەک بێت هەمووی یەکێکە، بەتایبەت بۆ ژنی کورد زیاتر هەوڵدەدەم چونکە دەردەکانی ئەناسم.

ئێمە دەرفەتمان هەبوو لەو یاسایەی که ڕژێمی بەعس دایناوبوو بۆ ئەحوالی شەخصی‌و دەتوانین پشتیوانی ئە ڕێکخراوانەی ژنان بین که لێرە هەیە، جاران لەبەر دەسەلاتی بەعس‌و ڕژێمەکەی نەیاندەتوانی هیچ بکەن، ئێستا دەڵێن بژی جۆرج بۆش که بەعس‌و سەدامت رووخاند، ئەی باشە ئەوا بەعس ڕوخاو سەدامیش نەما ئەی چ خێرێک گەیشت بە نەوەیەک که لەژێر ناوی شەرەف‌و ناموسدا که ژن‌و کچی دەکوژرێت یان خۆی دەسوتێنێت.. خۆی دەتەقێنێتەوە دەڵێن ئەوە غازی پیا تەقیوە.. بەنزینی بۆ دێنن دەڵێن بە هەڵە لە بری نەوت بەکاری هێناوە. کوشتنی ناموسی هەر بە فیشەک نەبوو بەڵکو خەتەنەکردنی کچان بوو تاکو هەستی ئەو کچە ببڕن‌و درک بە هەستە سێکسیەکان نەکات‌و نەبادا سبەی لەگەڵ کوڕێک پەیوەندی ببەستێت!. بۆیە ژنانی دەرەوەی وڵات دەتوانن کۆمەکدەر بن بۆ ئەم ڕێکخراوو کۆمەڵەی ئێرە له بابەت مافەکانی ژن‌و دژایەتی کوشتنی ناموس‌و شەرەف، نابێت چاوەڕێی دەوڵەتان بین شتمان بۆ بکەن، چونکە دەوڵەتان ئێستا بە خەڵکی کورد دەڵێن: خەڵکی کورد تۆ ئێستا عەقڵت هەیەو بە ئازادی دەژیت‌و ئێوە دژی ئەم نایاسایی‌و زەبرو زەنگانە بوون‌و دژی کۆمەڵگای نادیموکراتی بوون‌و دژی چەوساندنەوە بوون ئەی بۆ ئێستا خۆتان ئەو کارە دزێوو ناشرینانە دەکەن؟! بۆیە پشت بەستن بە دەرەوە بە بڕوای من هەڵەیە، بەڵام کۆمەکدەری ئەو خەباتە کارێکی ترە، چونکە پشت بەستن ئەوەیە کە تۆ هەمیشە چاوەڕێی یەکێک بێت ڕزگارت بکات. کاتێک من هاتوومەتەوەو باس لە ماف‌و خواستەکانی ژنی ئەمڕۆ دەکەم چوار شت دەڵێم کە چار دەردی زۆر ژنی هەژارو دەردەدار بێت کەچی هەر حسابیشم بۆ ناکەن لەم دەوڵەتە چونکە مادام تۆ هاتوویت توانج‌و ڕەخنە لە دەسەڵات دەگریت تۆ کەسێکی خەتەریشی نەک ئەوەی گوێت لێ نەگرن، بەڵام ئیحترامت دەگرن، من خۆم هاتوومەتەوە لە کۆنفرانسی ژنان بانگهێشتیان کردم، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە من بە هەموو شتێکی ئەو کۆنفرانسە ڕازی بم، من وایدەبینم کە مافی ژنان بیست ساڵ زیاتر چووەتە دواوە، خۆ خەبات ئەوە نییە کە تۆ بە ئارەزووی خۆت جل لەبەر بکەیت، من زۆرینەی ئافرەت لێرە بەتایبەتی لە هەولێر دەبینم محاجەبەن، بەداخەوە کەی ژنی کورد وەها بوون، کەی کورد هێندە مەزهەبی بوو کە ئەمڕۆکە وایلێهاتووە.. لە زانکۆی سلێمانی ڕۆژێکی زۆر محاجەبە دەبینی کەی ساڵی ساڵان وابوو؟!. ئەمانە گەڕانەوە بۆ دواوە دەگەیەنێ، ئەی مەسەلەی خەتەنەی کچان کەی بەو شێوەیە بوو بیست ساڵ لەمەوبەر، ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا بووەتە دیاردەیەکی زۆر ترسناک خەریکین بە دەستی خۆمان کوڕو کچەکانمان بەتایبەت کچەکانمان وا لێدەکەین کە هەستەکانیشیان دەکوژین.. لێرەدا ئەو پیاوە نازانێ کاتێک کە کچەکەی خەتەنە دەکات سبەی کێشەی لەگەڵ خۆشەویست‌و هاوسەرەکەی بۆ دروست دەبێت بەتایبەت لە لایەنی فسیۆلۆجییەوە کە هەستی

کچەکە دەکوژێت، وە پیاوێکیش ئەو کچەی ناوێت کە هەستی سێکسی نەبێت!، خۆ دینەکان ناڵێ ئەو کارە بکە یان مەیکە خەڵکەکە بۆ خۆی دەیکات.. ئەمەیە گەڕانەوە بۆ دواوە کە تازە ئەو دیاردانەی جەهالەت لای ئێمە پەرە دەستێنێتەوە.. ئەوەتا گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان تەنانەت ڕادیۆو TVیەکانیش نایەن راشکاوانە لەو دیاردە ترساکانە بدوێن بەڵکو سیمایەک نیشان ئەدەن لە ریکلام بۆ فلان بینا کە چەند بەرزو گەورەیەو فلان کەرەستەی بازرگانی چەند بە نرخە..هتد، کۆمەڵگای پێشکەوتوو ئەوەیە کە تاکەکان بتوانن ژیانێکی ئاسایش بۆخۆیان پێکبهێنن، بڕوا ناکەم لێرە ڕێزی مرۆڤ هەبێ ئیتر چۆن ناوی بنێم وڵاتی دیموکراسی، ئەگەرچی فشار هەیە لەم ولاتەدا وەکو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کە لێرەن ئەی بۆ هیچ گۆڕانێک و جوڵانێک بەو حاڵەتانە نەهاتووە، من شت دەبینم دەزانم هندێک شت گۆڕاوە. ئەتوانی بڵێی کۆمەڵێکی تیادا دەوڵەمەند بووەو شێوەیەکی تر ژیانیان بەسەر دەبەن، ئەمریکاش یارمەتیدەری ڕێکخراوەکانی NGOکانە لەسەر ئاستی خەباتێک نییە کە کۆمەکدەری دیموکراتی بێتو بەشداری ژن لە دەسەڵاتدا بێت، لەسەر ئەو ئاستە نییە کە زەرەیەک بارگرانی سەر شانی ژنانی لێرە سوک کردبێت بەڵکو بە پێچەوانەوە.



**پ/ سەبارەت بە یارمەتیدان ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان بۆ NGOکان، ئەمە مەبنایەکی هەیە کە ئەو ڕێکخراوانە دەیانەوێت لە ڕێگەی پێدانی پارەوە بزووتنەوەی نارەزایەتی ژنان، کە پێشتر بوونێکی هەبووە، لاواز بکەن.. بە رای ئێوە ئەمە چۆن دەکەوێتەوە؟**

منیش لەسەر ئەو باوەڕەم نەک ئەوەی کە قسەی من بێت کە خۆی خەبات دەکات بەڵکو پێناسەی ژنان نیشانی دەدات، لە ئەمرکای لاتین بەتایبەت وە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، دانەیەک، کە خۆی توێژەرەوەیە لە وڵاتی سوید و پرۆفیسۆرەو ئەوانە هاتوون بە شێوەیەکی زانستی لەسەر NGOکان لە ئەمریکای لاتینو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەت لە کوردستان، هاتوون لێکدانەوەیان کردووە، کە دانانی NGO بەرمەبنای چییە، بۆیە ناوی ئەو کەسانەش دەبەم کە هەر لە خۆڕا قسە نەکەی لەو بابەتە بڵێی ئەمە سەفەرێکی کردووەو هاتووەتەوە وا قسە دەکات، تۆ دەبێ مەبنای قسەکەت بە شێوەیەکی ئەکادیمیو زانستی بێت، ئەساسی NGOکان لەسەر ئەوە دادەمەزرێت کە سیاسەتی نیولیبرالیزم بێت،

که پاره بدەیت تاکو ژنێك بکڕیت، من لێرەدا بە راشکاوانە بڵێم لەگەڵ رێزم بۆ ئەو ژنانەی کە خەبات دەکەن لە هەر گۆشەو لە هەر ئاستێکدا، حەتمەن نیەتی باشیان هەیە لە سەرەتاوە، بەڵام ئاگاییان لەسەر تێبینیـەکانی دەسـەڵاتداران، کە ئەوان دەوڵەتەکان، یان پارەتەکان پشتیان پێوە بەستووە کـە ئەمـە زۆر گرنگـە لـە دواییـدا بۆیـان دەردەکـەوێت شایەتو تا رادەیەك پێی گەیشتبێتن بەڵام ئەوەیە کە رێگا چارە دۆزینەوە بۆ ئەوەی ژن لە گۆشـەی مـاڵ بێنیتـە دەرێ سەرگەرمی، بە بڕوای من ئەو NGOیانە سەرگەرمی دەکات، سیاسەتی نیولیبریالیزم ئەوەیە کە دێت خەڵك خەریك دەکات تا شتە رەسەنەکەیان لەبیر بچێتەوە. خەباتی شانزە ساڵی خۆمان کوا؟ چینی کرێکار لێرەدا خـەباتی یـەکگرتوویی هەیە، خەباتی ژنان بە کوێ گەیشتووە، خەباتی مامۆستایان..هتد بەکوێ گەیشتووە، لە ئێراندا کە ئەو هەموو سانسۆرە هەیەو خەڵك ناتوانێ هەناسەی ئازادی هەڵکێشێ، خەبات هەر هەیە، بەڵام لێرە سارێژی کـردووەو گەنـدەڵی هێنـاوە، چونکە کە دەسەڵات بوو بە پارە، پارەش گەندەڵی دەهێنێ. ئیتر مرۆڤ وایە هەرچەند هیوایەکی باشت هەبێت بە پارە گەندەڵ کراویت، ئەمە مەبنای سیاسەتی نیولیبریالیزمە لە NGOکاندا. کاتێك هەوڵدەدرا بۆ دەستوری عێراق دەنگ بدرێت کاری NGOکان لەبری ئەوەی بێن خەبات بکەنو بۆ ولاتی دیموکراسیو ئازادی هەوڵ بدەن پـارەی (10000) دەهەزار دۆلارییان وەردەگرت لە ئەمریکا کە بڕۆن بۆ گوندەکانو بـە خـەڵك بڵـێن دەنـگ بـدەن، دەنـگ بـدەن بـە دەستورێك کە بنەمای مەزهەبە، ئێمە ناتوانین باس لە دیموکراسی بکـەین کـە بنـەمای وڵاتەکـەت لەسـەر ئەساسـی مەزهەب دانا، چونکە مەزهەب دەڵێ ژن لە ئاییندا ئازادی بێ قەیدو شەرت نییە، قەیدی داناوە کە تۆ ژنی کە تۆ کچی کە تۆ هەقی تەلاقت نییە..هتد، لە وڵاتێکی وەهاشدا تۆ ناتوانی دەم لە دیموکراسی بنێیت، تەنانەت عەیبیشە. من چۆن لە وڵاتی دیموکراسی بدوێم کاتێك دەنگ هەڵبرم بچن کتێبخانەم لێ بسوتێنن، دەنگ هـەڵبرم کـە تەقـەم لێ بکرێـتو تیرۆرم بکەن. لەبری ئەوەی دەوڵەت ئاسایشی خەڵکەکە دابین بکات لە رێگەی NGOکان دەبنە سۆشـیال وۆرك. لێـرە کارەکانی کۆمەڵاتیو کەسەکان دەدەن بە NGO، واتە ئەوە خەباتی ژنان نییە ئەوە وڵاتێکە کـە دەیـەوێت ئاسایـشی خەڵك خۆی نەیکاتو لە رێگەی NGOکانەوە بیکات. لەبری ئەوەی دەوڵەت کارو رێی خەڵك دابین بکات دەیـدەن بـە NGOکان تا ئەرکی کەم بکاتەوە. ئەو کاتە هەموو لایەك خەریکی کڕینو فـرۆش دەبێـت، پـارەت ئـەدەنێ تـا ئـەو کێشەیە چارەسەر بکەیت. ئیتر لەوە دانامێنێت کە خەباتێکە لەسەر ئاستی بیرو بـاوەڕو بۆچـوونی خـۆت واتـە لەسـەر ئاستی ئایدیۆلۆژی خۆت مەسەلە ئەوەیە کە تۆ خەباتت کرد بۆچوونەکان شایەت لـە حیزبێکـی مـەعلومو وابەسـتە بـە سیاسەت بن،و دەڵێن وابەستە بە هیچ کەس نین، ئەی ئابوریت چۆن تەکمیلە دەبێت؟! وابەستەیتو سەربەخۆ نیـت. ئـەوە ئەوەیـە لـەجێی ئـەوەی خـەباتی ژن گەشـە پێبـدات بـەرەو دواوەی دەگەڕێنێتـەوە. دیـارە لـە کوردسـتاندا گەشەسەندنەکەی ئەوەیە کە لەسەر ئاستی ئابورییە لە باشوری عێراق کە هەر باس لەو مەسەلەیە نییە کـە ژن لـەوێ مەجبورە.. من کتێبێکم خوێندووەتەوە هی (حەبیب شەهاب) کە ئەو رۆژنامەنوسێکی فەلەستینییە، کە باس لەوە دەکات کە لە باشوری عێراق ژن بەنەخوێن دەبەستێت لەبەر ئەوەی نەبادا شەوانە مێردەکانیان بفرێننو ئەمانیش دەستدرێژی سێکسیان بکرێتە سەر...

پ/ سەبارەت بە راگرتنی ئیش کردن بە پاسپۆرتی جـۆری (S) لـە هەنـدێك وڵاتـانی ئـەوروپاو ئـەمریکا، کێـشەیەکی گەورەی بۆ ژنان دروست کردووە بەتایبەت دەسەڵاتی عێراق ئێستا پاسپۆرتی نوێ کە جـۆری (G)یـە نـادات بـە ژنـان ئەگەر کەسی یەکەمی ئیمزای بۆ نەکات؟! ئەمەش جارێکی تر سوکایەتیکردنە بە مافەکانی ژنانو مافی سەفەر کردن؟!

و/ بەداخەوە کە ژیانی سیاسی بە بڕوای من لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمیشە وجودی هەبووە، لە عێراقدا زووتر ئەمە نەبووە، دیارە مەبنای ئەوە لە ئێراندا تۆ بێی چاوی لێبکەیت، ئەمە چۆن دەبینرێت، ئەوە بوو کە ژنێك ناتوانێ بە تەنیا سەفەر بکات ئەوە هەر گۆڕینی ئەو پاسپۆرتەو شتێکە کە لە پشتییەوە کار دەکات. کە ژنێك تا دوێنێ ئەیتوانی بڕیار لە سەفەرکردن بدات کەچی ئێستا لێی قەدەغە کراوە.. وە من خۆم وام بیستووە کە ئەو جۆرە نوێیەی پاسپۆرت بەگران دەست دەکەوێت تا هەموو کەس بۆی نەبێت سەفەر بکات، ئەمەش دیارە بە پێچەوانەوەیە تا ژنێك بە تەنیا حەقی سەفەری نەبێت. دیارە ئەو پارەیەش بنەماڵەیەك یان حیزبێك دەتوانێت دابینی بکات، وە هەمیشە ئەو مۆڵەتە دراوە بە پیاو، وە خەڵکی عێراق ئێستا هەمیشە کۆچ دەکەن‌و بە قاچاخ دێن بۆ ئەوروپا، ئەو پارەیەش کە بۆ کوڕ سەرفی دەکەن قەت بۆ کچ سەرفی ناکەن ئەمەش مەبناکەی ئیسلامە کە لە قانونی عێراقدا هاتووە کە، مەبناکەی ئیسلامە خەریکە دەیسەپێنن کە بە بڕوای من ئەمە جێگەی سەرنجە.

پ/ سەبارەت بەوەی کارنەکردن بە پاسپۆرتی (S) لە هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپا کێشەی بۆ پەنابەران ناوەتەوە کە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ کوردستان؟

هیچ ئەو باسە نەبوو کە من گەڕامەوە، بەڵام دیارە ئەمە دەستی دەوڵەتەکانی تێدایەو خودی ئەم دەوڵەتەی تێدایە، حەریکە دەسەڵاتی ئیسلامی خۆی مەبنا دەکات لەسەر ئاستی ئەوەی کە ژن نەتوانێت خۆی سەفەر بکات بە تەنیا، من ئەوەم نەبیستبوو لەوێ بە تەنیا، بەڵام دیارە ئەو ڕێکخراوانە یان NGOیانە کە واقیعەن لەسەر ئەوە سووربوون کە هەر شتێکی بچووك ڕوودەدات‌و ژیانی ژن سنووردار دەکات دەبوایە دەنگیا هەڵبڕیایە، خەریکە لای خۆمان لەژێرەوە ئەو مەسەلەیە دەکرێت‌و مەسەلەی ژن هەر دەنگیشی لێوە نایەت، وە من ئەمە بە خەتەرێکی گەورە دەزانم لە عێراقدا بە هەمان شێوەی کە لە ئێراندا هەیە.. لەبەر ئەوەی تۆ مرۆڤێکی خەباتگێڕی، ئازادیخواز‌و دیموکراسخوازیت، جا کە تۆ قبوڵت کرد دەبێ منیش قبوڵی بکەم. ئەمە ژنەکان بۆ قبوڵی دەکەن؟ من لە کۆنفرانسی بەناو نێو نەتەوەیی دیم کە لەچك لەژێر ناوی ئەوەی کە جوانە!، خودی سەرۆکی یەکێتی ئافرەتان هەڵوێست لەسەر لەچك وەرگریت ئەو دەنگ نەکات، بڵێ مەجبورم بیکەم چونکە لەچك جوانە. کە ئەمە بە بڕوای من خەتەرێکی گەورەیە، کاتێك تۆ دەڵێی من کچەکەم دەنێرم بۆ شوێنێك باشتر وایە لەچکەکەی بکات! ئەمە دیاردەیەکی زۆر خەتەرناك‌و وەحشیانەیە بۆ خودی دیموکراتی، کە تۆ دەڵێی من کچەکەم دەنێرم کە هاوڕەنگی ئەوانی تر بوو، بەڵام ئەگەر خۆی بە تەنیا بوو ئەو مەیدانەی پێنەبێت کە دەنگ هەڵبڕێت‌و چوار کۆمەك بۆ خۆی پەیدا بکات، لەبری ئەوەی هەنگاو بۆ پێشەوە بنێ بۆ دواوەی دەنێ، سەرنجی ئەم دیاردەیەم داوە، ساڵی پار لە کاتی ڕەمەزاندا لەگەڵ وەفدێك هاتمەوە بۆ هەولێر، یەکەم جێگە داوایان لێکردم کە لەچك بدەم بەسەردا وەکو ئەوان، منیش ئەوەم ڕەتکردەوە و وتم من دژی حیجابی ئیسلامیم کە هەزاران ژن لە سیا چاڵەکاندا لە ئێراندا ئیعدام کراون لەبەر نەپۆشینی حیجاب، چۆن ئێمە ئامادە بین ئەوە قبوڵ بکەین ئەوە ڕیز نییە بەڵکو بێڕێزییە بە خودی مافەکانی ژن.. قەیناکە کەنیسە ڕازی بکەین، مزگەوت ڕازی بکەین، قیناکە وڵاتێك ڕازی بکەین، قەیناکە کەمینەین. تۆ بزانە ژنەکان، مرۆڤە چالاکەکان خەریکن وڵاتی خۆیان، خەباتی خۆیان بەرەو کوێ دەبەن، من ئەو پرسیارەم لێیان هەیە کەداوایان لێدەکەم بیری لێبکەنەوە.

ئامینە کاکە باوە، جێگری ئەندام پەرلەمانە لەسەر لیستی (پارتی چەپ)ی سویدی‌و قسەکەری ڕەسمی ئەو پارتەیە.. کەسێکی هەڵسوڕاوە لە بواری مافەکانی ژنان- دیموکراسی- مافەکانی منداڵان.